هەروەها ڕووبەڕووبونەوەی توندو تیژی دژی ژنان لە کۆنەدا بە فەرمی ناساند. کەمپینی قردەلە سپیەکان ٢ ساڵ دواتر لە مانگی نۆڤەمبەری ١٩٩١ لە دەروبەری هێزی نیشتمانپەروەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان کە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە فەرمی ناسراوە، پێک هات. لەو کاتەوە ئەو هێکخراوە داوایان لە پیاوان کرد کە قردەلەی سپی بپۆشن وەک بەڵێن دانێک کە هەرگیز توندوو تیژی بەرامبەر ژنان نەکەن و قبووڵیشی نەکەن، یان بەدەنگ نەبن لەبەرامبەریدا. قردەلە سپیەکان پرۆژەیەکی بردنەپێشەوەی هۆشیاری گشتیە گرنگی دەدات بە بەشداریکردن و هێزی پاوان و کوانی گەنج داوایان لە دەکات کە بیر لە هەستەکوت و خووڕەوشتیان بکەنەوە پەداچوونەوە لەم بارەیەوە بکەنەوە لەگەڵ پیاوانی ترو هاوڕێکانیان قسە بکەن بە ووبەروبونەوەی هەر جۆرە توندوتیژیەک بەرامبەر بە ژنان .

مژووی کوشتارکەی مانتریال و مژووی دامەزراندنی کەمپینی قردەلە سپیەکان وە هەروەها ١٠ی دیسەمبەر کە هێزی نەتەوەیی مافەکانی مرۆڤ لە مژوودا بە جۆرێک لە جۆرەکان بە ٢٥ی نۆڤەمبەر هێزی نەتەوەی بە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان بەستراوەتەوە کە لە ڕاستیدا ٢٥ی نۆڤەمبەر مژووی تیرۆرکردنی ٣ ژنی سایەتمەدار کە هەرسەکیان خووشک بوون لە ووڵاتی جمهوری دەمەنیکان ساڵی ١٩٦٠، ئەو سێ ژنە سیاسەتمەدارە خەباتیان دەکرد لە دژی دەسەڵاتی دکتاتۆری "ڕافایل ترۆجیلۆ" کە فەرمانی تیرۆرکەش لایەن دکتاتۆر خۆیەوە دەرچووبوو، هەروەها هێزی ڕاگەیاندنی قردەلە سپیەکانە بۆیە لە کۆنەدا ٢٥ی نۆڤەمبەر تا ١٠ دیسەمبەر بە ١٦ هێزی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان ناودەبرێت و لەو ماوەیەدا چالاکیەکان بەردەوام دەبێت.



مایکێ کەفمان دامەزرێنەری "کەمپینی قردەلە سپیەکان"

کەمپینی قردەلە سپیەکان هەوڵ دەدەن بە دژینەوەی هەڵوێشتی نایەکسانی و تووندوتیژی جێندەری و بەدیهێنانی ئاڵوگۆڕێکی فەرهەنگی کە یارمەتیدەر بێت بە بەدیهێنانی دواڕۆژێکی بێ تووندوتیژی و چەوسانەوە. وە پێیان وایە کە پیاو بەشێکە لە چارەسەرکان و هەروەها بەشێکە لە بەدیهێنانی ئایندەیەکی ئارام و یەکسان بۆ گشت مرۆڤەکان.ئەوان کار دەکەن لە ڕێگەی ڕاهێنبیری و بردنەسەری هۆشیاری گشتی، دەستاگرتن، یارمەتی تەکنیکی، سەرخستنی توانایی، هاوکاری و هەروەها دامەزراندنی ئامرازو ستراتیجی درووست، وە کاردەکەن وەک نموونەیەکی پێزەتیف بۆ ئامبێر بۆ تێگەیشتنێ نێگەتیف و دواکەوتووەکان لە بارەی پیاوەتیەوە، دەیانەوێت کار بکەن لەسەر پیاوان بۆ دەستگرتن بەو توانا گەورەیەوە کە هەیانە بۆ ئاڵوگۆڕێکی پێزەتیف.
سەرچاوەو بۆاوکراوەکانی ئێم ڕێکخراوە بۆ شۆوێک دیزاین کراوە کە کچان و کوران سوودی گەورەی لێ ببینن. لە ماوەی ٢٥ ساڵ کارکردنی ئێم ڕێکخراوەدا، ئەجێندای ئامرازەکانی قردەلە سپیەکان لەلایەن سەدان هەزار مامەستاو قوتابیەوە لە سەرتاسەری ئەمریکای باکوردا بەکار دەهێنرێت لە پرسەکانی خویندن و لە ناو پۆلەکان و زانکۆو قوتبخانەکاندا سوودیان لیوەردەگیرێت بۆ بردنە پیشەوەی بیرکەی یەکسانی جێندەری و دامەزراندنی پەیوەندی تەندروستی نێوان ژن و پیاو. بەم شۆوێ کەمپینی قردەلە سپیەکان لەلایەن وەک دکتەر مایکل دەڤت لە ساڵی یەکەمیدا لەلایەن سەدان هەزار پیاوو کۆی گەنجەوە پشوازی لێکراو دواتریشبێ ووڵاتانی ئەوروپاو ئوستراڵیاو هەندێک لە ووڵاتانی ئاسیادا بەاو دەبێتەوەو تا ئێستا توانیویانە لە ٦٠ ووڵاتی جیهاندا بەاو ببنەوە، کە بەهێزترینیان کەنەدا و ئوستراڵیاو، بەریتانیایە. وە لە هەندێ ووڵات دا ٢٥ی نۆڤەمبەر بە ڕۆژی قردەلە سپیەکان ناسراوە.



جاک لێیتەن"١٩٥٠-٢٠١١" سیمایەکی ناسراوو سیاسەتمەدارێکی چەپی کەنەدی، یارمەتیدەرێکی سەرەکی دامەزراندنی کەمپینی قردەلە

سپیکان بوو
Jack Layton “1950-2011”New Democrat Party/NDP Leader
One of the co-founder of White Ribbon Compiegne

_____

سەرچاوەکان:

http://www.michaelkaufman.com/wp-content/uploads/2008/12/The-Day-the-White-Ribbon-Campaign-Changed-the-Game.pdf
The Day the White Ribbon Campaign Changed the Game: A New Direction in Working to Engage Men and Boys Michael Kaufman, Ph.D.
http://michaelkaufman.com/ Men and Gender Equality
http://www.walkamileinhershoes.org/
https://en.wikipedia.org/wiki/%C3%89cole_Polytechnique_massacre

http://www.biography.com/people/marc-lepine-235980#profile
http://www.history.com/this-day-in-history/international-day-to-eliminate-violence-against-women
http://tcfv.org/pdf/mensguide/EngagingMenandBoys.pdf

وتو ویژی مه هدی حوسه ینی له گه ل نادر عه بدول حه مید

وتو ویژی مه هدی حوسه ینی له گه ل نادر عه بدول حه مید _هه لسوراوی کمونیست له کوردستانی عیراق سه با ره ت به :
بارو دوخی کوردستانی عیراق و به دیلی چه پ

خەرابات کوردایەتیی و فاشیزمی ئینفیصاڵییەکان … کامیار سابیر

ئارگیومێنت لەگەڵ حەماقەتکانی ناسیۆنالیزمدا، بەتایبەتیی ناسیۆنالیزمی نەژادیی -کوردیی، ماندووبوون، ئەرک و توانایەکی سەرسوڕهێنەری دەوێت. لەسەروو هەمووشیانەوە، جەرائەتی دەوێت، جەرائەتێک کە تەحەدای هەژموونی هەشتا بە نەوەت ساڵ لە قوواچپاو، لە گۆناوی ئەم فاشیزمە کولتووریی و کۆمەڵایەتییە بکات کە کوردایەتیی و مونەوەرەکانی (لە سیاسیی و لە شاعیرەکان) بەدرێژایی ئەو مەژوونە، تەخشانیان کردووە. ئەستاش، کۆمەڵێ ئەکادیمیست کە ئایدیەلۆژیای ناسیۆنالیزم، لە مرۆقبوونی خستوون، بەهەی رانتی نەوتەوە یان بەهەی فاشیزمی جەهلەوە، چاویان سوور بوون، بە راستەوخۆ و بەناڕاستەوخۆ(بەنیارەکانی پارتییشەوە)، خزمەتی پرۆژە فاشییەکەی ئەردۆغان و پارتیی (دەوڵەتی کوردیی بەڵوویە) دەکەن. راستییەکەی شڵەکردن لەگەڵ وەهمەکانی دەوڵەتی کوردیی و فشقیاتی ریفراندەم و دروودڵسۆزکانی کوردایەتیی، بە شێوەی زرینەی عەوام و زرینەی نوخبەکانی کورد(لە هەردوو کوردستانی عەراق و ئەراندا) راتدەکشێت.

هاوکات، دەبە شێوەی کولتووری زاڵی سیاسیی، ئەدەبییاتی سیاسیی کوردایەتیی و وێنەی ئەو مەنتاڵیتییە شاعیرانەیە بکەیت کە باوەڕی هەر بە ببە و بە بکوژە هەیە، باوەڕی بە نەژادی خاوێنی کورد و پیسیی هەموو نەژادەکانی تر هەیە، باوەڕی بە مەعصومییەت و ڕەوایی هەموو سیاسییەکان و نوخبەکانی کورد هەیە و هەموو دونیا و چواردەوری گاڵی کورد، بەئەهریمەن دەزانێت. لەسەروو هەموو ئەمانەشەوە، دەبە شێوەی میلیاردەرەکانی کوردایەتیی، چەتەکانی دەوڵەتی کوردیی و ناسیۆنالیزمی ئەو ئەکادیمیستە هەرزەکارە سایبەرانە(cyber) بکەیت کە لەهەندەران و لە کوردستانەوە، بە هەی رانت و بەرژەوەندییەوە بەت یان بەهەی حەماقەتی کولتووریی و فاشیزمی سیاسییەوە بەت، تەغذییەی ئەم جەرە فاشیزمە "سیاسیی، ئابووریی و ئایدیەلۆژیی"ە دەکەن. سەرەنجامیش، دەبە شێوەی ئەو فاشیزمە کولتووریی و فاشیزمە سیاسییەی هەموو ئەو ئەکادیمیستە بە فیکر و نووسەرە جاهیلانە بکەیت کە دەڵێن" دەوڵەتی کوردیی، خاونی زرینەی خەڵکی کوردستانە"! بەدەرلەوەی کوردستان، وەکو پارچەیەکی سەرتاسەریی سەیر دەکەن، یان لای کەم مەبەستیان لە کوردستانی

ئەستای عیراق؟، ئەمیان مەگەر هەر ناسیونالیستە سایکپاثە psychopathic نەرجسییە کوردەکان، بیزانن؟

ئەلەکساندر سلیڤانڤ(پسپۆر لە کۆشە نەودەوەتییەکاندا) بەچوونی لەسەر فاشیزم, بەمشۆیەیە" گەنجەکان، رۆمانتیکانە تێی دەوانن، هیچی ئەوتێی لەبارەوە نازانن، وەکو تەصەوفی سیاسیی سەیری دەکەن، بەلایانەوە شتێکی باشە، سیمبۆلیزمی تێدا دەبینەوە، بەڵام لایەنە رەش و قەترانییەکەی، دەزەخە ترسناکەکەی ئەودیو سنوورەکانی فاشیزم، نابینن". ئەستا، هەمان بەچوونی سلیڤانڤ، وەکو کاڵا بە باڵای زەربەی نووسەران و نوخبەی کوردیدا ببڕێ، بە قولانج کەم و زیادی نییە. بەشێکی زەری ئەوانەی داوای دەوڵەتی کوردیی، دەوڵەتی نەژادیی یان دەوڵەتی نەتەوەیی دەکەن، تەنیا لایەنە پۆزەتیڤ و عیرفانییەکانی دەبینن، لایەنە نێگەتیڤەکەی، فاشیزمە سیاسیی و فاشیزمە ئابووریەکەی فەرامۆش دەکەن، یان عەقڵیان پێی ناشکێ. ئەوە، کارەساتە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم فاشیزمە ئایدیاڵژیی و بیزنسە سیاسییە هەر مەپرسە کە من, فاشیزمی ئابووریی کوردایەتیی، پێدەڵێم. ئەمجارە لە نوخبە نەتەوەییەکان و فاشیستە نەژادییەکان، لەناو سیاسییەکان و ئەوانەی لە رەهەندە ئەکادیمیی و کولتووریەکاندا کار دەکەن، توانای ئەویان هەیە، گەنجانکی زەر تووشی ئەم طاعونە کولتووریی و سیاسییانە بکەن و گەنجەکانیش وەکو سلیڤانڤ پێیوایە، سیمبۆلیزم لەماندا دەبینەوە و دوای هەڵەی فەخفەخە و کاریزمای وەهمیی دەکەون.

دەوڵەتی نەتەوەیی بە میثاد و باکگراوندە نەژادییەکەی، هیچ گومانێک هەڵناگرێت ، بەڕاو فاشیزم دەڵێت! ئەو پرسسی دەوڵەتی نەتەوەییەی لە گەڵ دروستبوونی ناسیونالیزمەوە لە ئەوروپاوە سەری هەڵدا، لە زەر شوێنی دونیا ئەو دەوڵەتە نەتەوەیە-نەژادییانە، بەڕاو دەوڵەتی نیشتمانیی, وەرچەرخاون. گەڵباڵیزم و مۆدێرنیزم، کەچی سەرتاپاگیر لەنێوان وەاتەکاندا و تەکەبووونی نەژاد و نەتەوەکان، کەم تا زەر، دەوڵەتی نەژادیی و نەتەوەیی، کاڵ کردووەتەوە. دەوڵەتی نیشتمانیی و دەوڵەتی هاووەاتیی، بە مۆبنای پێکەوژیان, فرە کولتووریی، فرە دینیی، فرە نەژادیی و …فرە جڤاکیی جێگەی دەوڵەتە نەژادپەرستەکانی جاران کە دەوڵەتی نەتەوەییان پێدەگوترا، گرتووەتەوە. دیارە لەڕاو لەوێ، بەتایبەتیی لە جیهانی عەرەبیی، ئیسلامیی، هەندێ وەاتی ئەفریقا، ئاسیا و رۆژهەڵاتی ناویندا، ئەم جارە فاشیزمی دەوڵەتی نەتەوەیی، هەشتا ماوە. دەوڵەتی نەژادیی تورکیا، دەوڵەتی نەژادیی –عوروبیی عەراق و

سوریا، هەرسەکیان کەم تا زۆر، سەریان لە کوانووکانی فاشیزمەوە، دەرهەق بەگەلی کورد دەرهێنا. دیارە، فاشیزمی تورکیی لە تورکیا و فاشیزمی عوروبیی لە عێراق، ئەم سەرمەشقیان بەتەواویی دژی ئیرادەی سیاسیی گەلی کورد و کەشە سیاسیەکەی، بە ئەنجام گەیاند. لە عێراقدا، هەرچەندە فاشیزمی عەرەبیی و ناسیۆنالیزمی عەرەبیی و تا رادەیەکیش پانعەرەبیزم، رۆڵی بەرچاویان لە کەمپەینەکانی ئەنفال و ژاربارانکردنی شارچکەو گوندەکانی کوردستاندا هەبوو، بەڵام بەشکی بەرچاو لەم وەحشیەتەی عوروبە و ناسیۆنالیزمی عەرەبیی- بەعثیی، بەرتەکی فاشیزمی کوردایەتیی و عەمالەتی کوردایەتیی بوو(ئەوکات بە ئێرانی شاهەنشاهیی و ئێرانی ئیسلامیی- شیعیی).

بەچوونێک هەیە لەسەر پەوەندیی هەیمەنەت(هێژموونگەریی) و فاشیزم، بەناوی موسۆلینی(Mussolini)ەوە، بە هێڵ و بە سایبەریی تەماركراوە. بەچوونەکە بە ئارگیومەنتی کەمێڵ ئیکۆنۆمیستی فاشیەکان دەگەڕێتەوە و پەوەندیی بە موسۆلینییەوە نییە. بەچوونە نزانراوە ئابووریەکە دەڵێ" دروستتر و گونجاوتر بە فاشیزم بگوترێ کەپرەتیزم Corporatism، لە کاتێکدا، فاشیزم، تێکهەڵکێشیەکە لە نێوان دەوڵەت و کەمپانیا زبەلاحەکاندا". ئەم دەخی کەپرەتیزمەی کوردایەتیی، ئەگەر بە هەلومەرجە سیاسیی و ئابووریەکەی هەرەم، بەراوردی بکرێت، صەد لە صەد، ئەو فاشیزمە ئابووریەی کوردایەتیی و ئەو ناسیۆنالیزمە نژادیەی دەوڵەتی کوردیە کە زەرجار جەختم لەکردووەتەوە. کەمێڵ چەتە و مافیای سەردەمی تەمەودی شاخ کە ناویان ناوە شەش و قسەی قەڵەی کوردایەتیی، تەواوی جومگە سیاسیی، ئابووریی و دیپلۆماسیەکانی ئەو حکومەتە جەردەیەی هەرەمی کوردستانیان قەرغ کردووە و لەنێوان دوو حیزبی میلیشیایی و چەتەگەرییدا، وەکو برا گەورە و برا بچووک، بەشیان کردووە. ئەم کەپرەتیزمەی پارتیی و یەکێتیی، ئەم کەپرەتیزمەی عەصابە نەتەوەیی و میلیشیاکانی کوردایەتیی،لە هەموو دونیای لیبرالیزم و ئابووریی سەرمایەداریدا وێنەی لە دەندایەتیی و بێئەخلاقیی(نامەراڵیی)دا نییە. بەڵێ بەری دانانی ماتماتیکییش بێت، کەپرەتیزمی دەوڵەتی کوردیی و فاشیزمی کوردایەتیی، هاوواتا، هاوکار و مانیفەستی یەکترن.

فاشیزمی کوردایەتیی، لەسەر کەنسەپتگیریی(conceptualise) دەوڵەتی نەتەوەیی(نەیشن ستەیت) بە دروشمە بریقەدارەکانی resplendently و بە بانجە ئیستیحماریەکولتووریی و سیاسیەکانی، بەناوی خاکی

باووباپیرانی کوردەوە (Kurdish Fatherland)، شەرعییەتی مافیایی و میلیشیایی خۆی لەو هەموو حەماقەت، ئیستیحماریەی سیاسیی و کولتووریەی وەرگرتووە. لەرشەوە، کەپرەتیزمکی زەر وەحشیانەی بەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی کورستاندا سەپاندووە. لەبەرامبەردا، هەشتا دەیان نووسەر و ئەوە دەعبایانەی پێیان دەگوترێ"رۆشنبیر" ، بەشەرمانە و جاهیلانە، غازاتی ئەوە بەردەدەن کە"دەوڵەتی کوردیی، خۆنی هەموو کوردەکە، یان خۆنی هەموو خەڵکی کوردستانە"! ئەم نەتەوە ئۆرگانییە Organic nation، ئەم ڕەحە سیاسییە political ethos، ئەم خورافاتە ئایدیۆلۆژییە و ئەم نەشئە ناسیۆنالیستییە، بە ئاسمانی فەنتازیا نەژادییەکانیاندا، باڵیان پەدەگرێت و ئەوەندە بەرز دەبنەوە کە هیچ جیاوازییەک نابینن و هیچ بەربەرستەک، بەر بە خولیای حەزە ئایدیۆلۆژییەکانی ئەوان ناگرێت. لەڕەوایە کە سەریان بە فاشیزم گەرم دەبێت و ئازادیی و ڕای پێچەوانە،لای ئەم جۆرە ناسیۆنالیستە و فاشیستانە، لای ئەم ئەکادیمیستە نەتەوەیی و ئەم ڕۆشنبیرە ڕەعییانە، مانایەکی نامەنتەوە.

ئەم نەتەوە ئۆرگانییە، لە زمانی مایکە مان(Mann) وەە لە کتێبەکەیدا(فاشیستەکان- Fascists) کە ئەو بە سەسیۆلۆجیای فاشیزم ناوی دەبات، پێیوایە کە چوار سەرچاوەی سەرەکیی لە دەسەاتی کۆمەایەتیی (Social power) لە ناو جڤاکە مرۆییەکاندا، کایە (ئایدیۆلۆژیی، ئابووریی، عەسکەریی و سیاسیی)کان لەخۆدەگرن. هەروەها باوەی وایە بە ئەوەی فاشیزمی ئابووریی لە کۆمەگەدا جەکەوت بکەیت، پێویستت بەو چوار دەسەاتە کۆمەایەتییە دەبێت. بەتایبەتتریش کایەی ئایدیۆلۆژیی لەڕگەی کۆنترۆکردنی سیستەمی پەوپاگەندەوە، کۆنترۆڵی تەواوی بەرهەمهێنان ،بازاڕ و بژێویی، وەکو کایەی ئابووریی، کۆنترۆڵی دەسگا عەسکەریی و ئەمنییەکان و دواهەمینیش وەکو کایەی سیاسیی، کۆنترۆڵی ئینستیتیوتە سیاسیی و دیپلۆماسییە لەکاییی و ناوچەییەکان، دەگرێتەوە(Mann, 2004,pp5-9). ئەم کتێبە لە زانکەی کامبریج، چاپکراوە، خوێنەر، بەئاسانیی لە نەتەوە، پێیدەگات.

باوەڕ ناکەم، فاشیزمی کوردایەتیی، هەر چوار کایەکەی لە فاشیزمکەی موسۆلینی، باشتر کۆنترۆڵ نەکردبێت. لەهەموشیان مەترسییدارتر، فاشیزمە ئابووریە چەتەگەرییەکەی کوردایەتیی و فاشیزمە ئابووریە قاچاغکەیەتی کە کۆمەانی خەڵکی کورستانی پە تەعذیب دەدات و مرۆڤی کوردی هەناوەتە ئاستەکی ئەوەندە نزمەوە کە

دەبێت چاوی لەدەست و مکرەمی قائیدە دز و فاشیستەکانی کوردایەتیی بێت.مرۆڤی کورد، دەبێ چاوی لەوە بێت مەرحەمەتی پێبکەن و موچەی سێ چوار مانگ پێشتری ، بە یەک لەسەر سێی موچەکەی خۆی، بە دابین بکەن. بە ئەوەی باسکە بە سەردێو مەغزای ئیم وتارەو گرێ بدەینەو، باس لە مەبەی نوخبەی فاشیستەکانی کورد، لە مەبەی نەتەوەپەرستەکانی کورد و ئەو ئەکادیمیستە نۆژادپەرست و فاشیستانەی دەکەم کە وەک ئەوەی لەگەڵ دەسەڵاتی حیزبیی و شەخنشینییەکەی پارتییدا ناکۆکن، بەڵام بەهۆی جەهل و حەماقەتەو بێت، یان بەهۆی بەرژەوەندیی و بیعەتدانەو بێت، هەموو ئەتەمبیلە سیاسیی و فیکرییەکانیان، مەکینەکەی مەسعود بارزانییان لەسەر و تەنیا بەدییەکیان جیاوازە.

لەسەر ئەرضی واقیعیش، هەموویان خزمەت بە فاشیزمی کوردایەتیی دەکەن. راستییەکەی مەنتاڵیتیی و تێگەیشتنی بارزانیی بە دەوڵەتی کوردیی، دروستتر تا ئیم ئەکادیمیستە هەزیلە ئەپزیسیۆنانە، چونکە لای کەم بارزانیی و پارتیی دەزانن چۆن بیزنس بەم کارتە نەتەوییانەو بکەن؟ دەزانن، کەپرەتیزمی کوردایەتیی و موشتەقاتەکانی(ریفراندەم و دەوڵەتی کوردیی) چۆن بگەڵ بخۆن بە ئەوەی ساڵانە چەندین میلیارد دۆلار قازانج بکەن ؟ هەروەها، دەشزانن چۆن هەڵەکەسەما(بەزمانی شەعبیی) بەم ئەکادیمیستە ئەکت ناسیۆنالیست و مەغز فاشیستانە بکەن؟ ئیم بەراوردکارییە لەنێوان دەعباکانی" ڕەشنبیران"ی کوردستانی عەراق(بەوانەی هەندەرانیشەو) و صالیح موسلیم، لە کوردستانی سوریا دەکەم.

بەشک لەم نەدیی بەدییەی ئەکادیمیست و نوخبانەی هەرەم، بەشک لەم ناسیۆنالیستە فشکار و نوخبە پۆپۆلیستانە، دەتوانن بڵێن صالیح موسلیم، ئاستی خوێندەواریەکەی زۆر نییە، ئەکادیمیی نیخوێندووە! توژینەوەی نەکردووە، سەر بەنەوەی کانۆ و ...دەیان خەڵکەکشانی تر. فەرموون بەراوردی ئیم دوو هەڵوەستە بکەن، بڵێم کاژی ناسیۆنالیزمت فۆ نەدابێت، کاژی تەقدیسکردنی نۆژادی کوردت فۆ نەدابێت و مەغزت بە نەخشیی ناسیۆنالیزم، ئالوودە بووبێت و لە ئیستیحماری کوردایەتییدا، خەت بگۆزنیت و کەرکەری دەوڵەتی کوردیی، بەری نەدابێتی، لەم بەراوردکارییە تێناگەیت. ئەوە وەک ئەوەی تەڵەرانسی فیکریی، جورئەتی سیاسیی، عەقڵانییبوون و واقیعییبوونیشی دەوێت.

سەرەتای سێپتەمبەری ٢٠١٦، صالح موسلیم لە ئەڵمانیا لە شاری Koln، لەناو ئاپارتمانێکی گەورەی جماوەریدا، بە سێ زمان(کوردیی،

عەرەبیی وتورکیی) گوتاری دا. لەو وتارەدا بۆ ئاشکرا، بوونی شەفافیەتەوە، روو بە میدیاکان، روو بە رای گشتیی کورد و جیهان، رایگەیاند ئەوان، وەکو کوردەکانی سوریا، پرۆژەی ئینفیصالییان(جوداخوازیی) نییە. ئەو بۆ ئاشکرا و بوونی جورئەتی سیاسییەوە دەیە با عەرەبەکان لە ئەمە نەترسن، ئەمە ئینفیصالیی نییە. هەروەها دەیە، ئەمە دەماندوو گەلی کورد و گەلانی ناوچەکەش ئازاد بن، ئەمە دەماندوو لە چوارچێوەی پرسسەکی دیمەکراتییدا، هەموومان ئازاد بین. ئەمە داکۆکیی لە مافی مرۆڤ دەکەین و داوای برایەتیی گەلان و پێکەوەژیان دەکەین. ناوەندکی قسەکانی بەهەر سێ زمانەکە، یەکجار بووە. بە پێچەوانەی میدیای فاشیزمی کوردایەتییەوە، هەمیشە کۆنتەکستە کوردییەکان، لە تەرجەمەی زمانە بیانییەکان، جودان. بە عەوامی کورد شتێک دەڵێن و بە میدیا ئیقلیمیی و جیهانییەکانیش شتێکی تر دەڵێن.

بەو حوکمەی لەسەر ناسیونالیزمی کوردیی و دەوڵەتی کوردیی، زۆر دەنووسم، گۆنجێک، دەڵێکی بەم نووسیبوو، بەمشێوەیە" دیارە ئەوانەی بەردەوام دەڵێن، دەوڵەتی کوردیی خۆنی هەموو کوردێکە، ئەمە بە غەیرە کورد دەزانن!". ئەگەر بەیت باکگراوندە فیکریی، مەعریفیی، ئینسانیی و سیاسییەکەی پشت ئەو رستەیە بخوێننەوە، ئەوکات تێدەگەن، بۆچی دەڵێم هەموو ئەوانەی لەگەڵ ئەو دەربەیندان" دەوڵەتی کوردیی، خۆنی هەموو کورەکە"، جۆرێک لە فاشیزمی جەهل و حماقەتی سیاسییان تێدایە؟ ئەوسا تێدەگەن کە بوختان ناکەم، کاتێ دەڵێم، سەرەڕای ئەوەی بەشی هەرە زۆری ئەم ئەکادیمیست و نوخبانەی نزیاری دەسەڵاتی پارتیین، بەڵام هەموویان هەمان مەغز و هەمان مەکینەی مەسعودبارزانییان لەسەرە و هەمووییان لە ژێر زەبری سیاسیی، کولتووریی و ئایدیۆلۆژیەکانی دەوڵەتی کوردیی و ریفراندەمی ساختە و بیزنسی چەتەگەریی(ئابووریی سەربەخۆ)دا، بە قولانج جیاوازتر لە کادیرە موحەسەنەکانی پارتیی، بیر ناکەنەوە.

ئەستا با بە مەغزای پشت ئەم رستەیە(ئەمە بە غەیرە کورد، دەزانن) بگەینەوە! کاتێ ئەم جۆرە نوخبانە ، نەکاوی کوردایەتیی زۆر دەخەن ، بەردەوام غازاتی ئەوە بەر دەدەن و دەڵێن" دەوڵەتی کوردیی خۆنی هەموو خەڵکی کوردستانە". ئایا چەند لەگەڵ واقیعی سیاسیی و جیۆگرافیای کوردستان و ژمارەی کوردیشدا یەک دەگرێتەوە؟ ئەگەر لە کوردستانی عیراقەوە، سێیری بکەین، دەیان هەزار، بگرە صەدان هەزار کەس، لە چەشنی کامیار سابیر نابینن کە جێت بە دەوڵەتی کوردیی رادەکشن و قەشمەریی بەناسیونالیزمی نەوت و سگووەی ریفراندەم و

هەموو ئیستیحماریی‌کانی کوردایەتیی دەکەن؟ نیو میلیۆن گەنج نابینن کە هەموو خوزیعبەلاتەکانی کوردایەتیی، بەر نوکە شەق دەدەن! دوو میلیۆن خەڵکی هەژار و کەم دەرامەت نابینن کە هەموو "کەرکەر"یی‌کانی دەوڵەتی کوردیی، بە قوربانی ژیانکی باشتر، ئازادتر و بەکەرامەتتر، دەکەن؟

ئەگەر لە ئاستی پارچەکانی تری کوردستانیشدا سەیری بکەیت، زۆرینەی رەهای کوردی کوردستانی تورکیا و سوریا، لە ئەنجامسفیری سیاسیی و فیکریی پەکەکەدایە و ئەوانیش بەئاشکرا دەوڵەتی نەتەوەییان بەر نەفرەت داوە، بە دەوڵەتی دزەکانی کوردایەتییشەوە(دەوڵەتی کوردیی). کوردەکانی سوریا، جگە لە ژمارەیکی زۆر کەم نەبێت کە مورتەزیقەی موئەسەسەی کوردایەتیی هەرەمن، بە شەفافیی و بە عەقڵانییەوە، نەفرەتیان لە دەوڵەتی کوردیی و ئیستیحماریی‌کانی کردووە. لە کوردستانی تورکیاشدا، بەهەی هەژموونی فیکریی و سیاسیی پەکەکەوە، میز بە دەوڵەتی کوردیی و بەو عەقڵە نەخۆشە ناسیۆنالیستییە نەژادییەدا دەکەن کە نوخبە مەبەکانی کوردستانی عێراق(بەوانەی تاراوگەشەوە)، قیەقیەی بە دەکەن، یان گلەیی لە بارزانیی دەکەن کە گاتەیان لەگەڵدا دەکات و بەجدیی، هەوە بە دەوڵەت دروستکردن! نادات.

کاتێ حەماس و حەماوەی کوردایەتیی، جەوت شل بکات و هەروا بە ئاسانیی بەسەر زارتدا بێت و بەڵێی دەوڵەتی کوردیی خۆنی هەموو کوردەکە، وەکو داتا وئامار، بە ژمارە و بە جیۆگرافیای کوردستانەکانیش بێت، هەڵگرانی ئەم نەخشییە نەژادییە و ئەم قایرەسی نەتەوەپەرستییە، نەک هەر بەدرێ دەکەونەوە، بەڵکو رەک دەکەونە خانەی فاشیزم و راسیزمەوە. فاشیستن، چونکە بەهەی کەپەی ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزمەوە، بەرچاویان ڕەش بووە، عەقڵیان ئیستیحمار بووە، لەخەیانەوە درێ بەناوی هەموو کوردەوە دەکەن یان زۆرینەی گەلی کورد، دەخڵە خانەی بیرکردنەوە نەخشەکانی خەیانەوە. راسیستیشن، چونکە ئەم هەڵاواردنە گورێ، ئەم فەزیلەتە سیاسییە نەخشە بەسەر زۆرینەدا دەسپێنن و رای زۆرینەی کوردیش، ڕەت دەکەنەوە.

جا کاتێ بارزانیی و حیزبەکەی کە کاسبکی زۆر باشن و مانگانە، میلیارد دۆلارەکانیان، بەهەی کەرایەتیی ئەوانەی باوەڕیان بە دەوڵەتی نەژادیی کوردیی هەیە، زۆرو زۆرتر دەبن، زۆر بەکارامەیی ئەم کارتە نەتەوەییە پووچانە، تەوظیف دەکەن. دوو مەتر لەولاترەوە، ئەو حەماسە ئایدیۆلۆژییە و ئەو مەتیقە تیجاییەی دەڵێ " لەسەر

دوو مەتری کوردستانیش بێت، دەوڵەت رادەگەیەنم" هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەو ئەکادیمیستانەدا نییە کە لە زانکۆکانی ڕۆژئاوا خوێندوویانە، بەتام لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنە کوردییەکانەوە، دەمارە نژادییەکانی ملیان ڕەپ ڕەپ دەبێت و دەبن دەوڵەتی کوردیی خوێنی هەموو کوردێک بەتام بەم میژەد و بەم میکانیزمانە نا. جا ئەوانەی زوو دەیانگوت لە سەرگەووو و بەرگەووو دەوڵەتی کوردیی ڕادەگەیەنین، یان ئەو بارزانییەی وەهمی بوو هەیە کە ببێ بە والیی ئایینددەی ویلایەتی موصڵ و بە پرسسی لکاندنەوە (annexation)، بگەڕێنەوە سەر تورکیای عوظما و ویلایەتکی نووتییش، ڕاستی ئەم والییە بکرێ، هیچ جیاوازییەکانیان نییە. هەروەها هەردووڵایشیان جیاوازییان لەگەڵ ئەو ئەکادیمیست و نوخبە نژادییانەدا نییە کەلەسەر شاشەی تەلەفزیۆنکان و میدیاکانەوە هاتوهاواری ئەوە دەکەن کە دەوڵەتی کوردیی خوێنی هەموو کوردێک، وا بە ڕوویە و دەبە خباتی بە بکەین.

لە کۆتاییدا، ئەم نوخبە فاشیستانەی بە نژانیی و بەهەکاری فاشیزمی جەهلەوە بەت یان بەهەی حەماقەتە سیاسیی و فیکرییەکانیانەوە بێت کە دەبن دەوڵەتی کوردیی، ئەستا کاتیەتی، بارزانیی پیاوی ئەوە نییە کە دەوڵەت دروست بکات، یان بارزانیی توشی یەئسی کردوون لەوەی کە لە عەراق جیانابێتەوە! یاخود ئاو بە ئاشکەی پارتییدا دەکەن و دەبن دەوڵەتی کوردیی خوێنی هەموو کوردێک، وەای ئەوەی چینە لە فاشیزمی سیاسیی و ڕاسیزمی نژادییدا دەکەن، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆش، هەموویان "جوندی"ی شەتەنجەکەی سەر مێزەکەی بارزانیین. هەموو ئەمجارە نوخبانەش، کاتە لەگەڵ ئەو بەرچاوڕوشنییەی صالیح موسلیم لەگەڵ جەرائەتە سیاسیی و عەقڵانییەتەکانی ئەو و حیزبەکەیدا بەراورد دەکەیت، ئەوسا تەدەگەیت، بەچی مرۆڤی ناسیونالیست(بەتایبەت لە هەرێمی کوردستان و تاراوگە)، بەئاسانیی بەرەو فاشیزم دەڕوات، ئەوسا باشتر تەدەگەیت ئەم خەرابەتی کوردایەتییە، ئەم ئەکادیمستە ئینفیصالییانەی کورد، ئەم نوخبە نژادییانەی کوردایەتیی، چەند قۆناغی تریان دەوێت تا بە عەقڵانییەت و بیرکردنەوە واقیعیی و مرۆییەکانی صالیح موسلیم بگەن؟

ئەوارە وەك من و تۆ ! …
ئەرسەلان مەحمود

ئەوارە،
رژانی تاریکی پەرداخی ئینکاریيە،
لە نەهاتەکی تردا !!
–
ئەوارە،
جگە لەکەن بوونی ئەژەکی نوە،
شتەکی دی نیە لەئەسادا !
–
ئەوارە،
چەن دەبە بو هەموو جوانیەوە،
بەرەو تاریکی بەواو، لەباوەش شەودا
بخەوە!!
–
ئەوارە،
روتبوونەوەی ئەژەکی تر،
لەناکی !!
–
ئەوارە،
سەرئاوکەوتنی ئەژەکی تر، لەدەریایی
بە تەیدا !
–
ئەوارە،
پژانی هەنارەکی تر، لەباخچەی
بە تەیدا !!
–
ئەوارە،
هەوەرینی هەنجیرەك عومر،
لەبەژنی دنیا !!
–
ئەوارە،
خواردنەوەی کەفی سەر گەاسەك شینە،
بەلەوی ەش !!

–
ئەوارە،
سکوتێك ناشنایی، لەچاوانی
نەهاتکی تری تێدا !!
–
ئەوارە،
پیاسەیەك لەناتواویی،
بەبێ تۆ !!
–
ئەوارە،
نەوانی ناژۆ شەو نیە، بەدحاڵیبوونە،
وەك نەوانی من و تۆ، بەیەکەوە نایەن،
بەیەکەوە نابن !!

ناژنامەگەریی چوار پارتی کوردستانی (١٩٧٥-١٩٩٣) ... ئیسماعیل تەنیا-هانەڤەر

یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، حزبی دیموکراتی کوردستان- ئێران، پارتی کرێکارانی کوردستان، ئەم چوار حزبەی سەر پارچەی کوردستان، لە گۆشەپەدان و دژوەمەند کردنی کاروانی ناژنامەگەریی کوردیدا، ناوەکی کاریگەریان هەبووە، بەتایبەتیش لە فەترەی زەمەنی ساڵانی(١٩٧٥-١٩٩٣)دا. لەم هەموو پارت و ڕێکخراوە سیاسییانەی سەر گۆڕەپانی خەباتی سیاسیی و چەکداری کوردستاندا، بەیەی ئەم چوار حزبەمان هەڵبژاردووە، چونکە؛-
– لەووی بنکەی جەماوەریەوە،ئەندام و لایەنگرو هەواداری زۆریان هەبووە و هەیە. جگە لەمەش، لە بواری چالاکی سیاسیی و کاری پێشمەرگایەتیدا، ناوەکی کاریگەریان هەبووە لە تەقاندن و زەبر وەشاندن لە ژێرەمە داگیرکەرەکانی کوردستاندا و-هەندێک جار- ناچارکردنیان کە دان بە داخوازییە ڕەواکانی نەتەوەکەماندا بنێن- ئەگەر بە کاتێکی کەم و تاکتیکیش بوو بێت-.

– لێووی سیاسییەوش، بەهەی ئەم حزبانەو، کەشی ناوای کورد(بەتایبەتیش لەدەرەو)، زێتر ئاشنای شەقامی ئەوروپی کراوەو هاریکاری و سەزی ئەوانی بە ناوابوونی کێشەکە، دەستبەر کردووە.
– هەبەرە پلە یەکەکانی ئەم حزبانە بووننەتە ناسنامەیەک بە نەتەوەکەمان و بەهەی ئەوانەو کێشەکە زێتر ناسندراوە.کەم بگانە هەیە – ئەگەر سەرداوەکی لەگەڵ سیاسەت و خوەندنەو هەبووبێت- ، ناوی تاڵبانی و بارزانی و ئەجەلان و قاسملوی نەبیستبێت.
– هەتا ئەمەشی لەگەدا بێت، هەر ئەوان گەڵپانەکیان کەنترڵ کردووە، جا چ بە ناگای هەبزاردنەو بێت، نموونەی باشووری کوردستان، یان بنکە فراوانی جەماوەرەکیان وەک ئەوەی باکور و ڕۆژهەڵات.
کە تەنها ناوی ئەم چوار حزبە دەنین، وەنەبێت ناوی حزب و ناکخراوە سیاسییەکانی تر لە خەباتی چەکداریدا،نادیدە بگرین، بەکو تەنها ئەوانە وەک نموونە وەرگیراون، لەبەر ئەم هەکارانەی کە ئاماژەمان پێکردوون. ئەم چوار حزبە وەنەبێت تەنها ئەم ناوونیشانانە ڕۆژنامەگەریانیان بەاوکردبێتەو، کە ئەمە لەخوارەو باسیان دەکەین..نا، زەر ناوونیشانی تریشیان دەرکردووە، بەڵام ئاستوخە ناوی ئەوانی لەسەر نییە. ئەمە تەنها ئەوانەمان هەبزاردوون کە ئاستوخە ناوی ئەوانی لەسەرە، یان ئەوان خاوەنی ئاستەقینەی بە ئەملاو ئەولای بوون..دەنا؛ هەر یەکەک لەم چوار حزبە ناوهاتییە بگری، چەندین ناکخراوی پیشەیی وابەستە بەخەیان هەیە،نموونەی؛ ئافرەتان(ژنان)، قوتابیان(خوەندکاران)، مامۆستایان، هونەرمەندان، مافناسان، ..... تاد.ئاستە ئەم ناکخراوانە بانگشەی سەربەخبوون دەکەن و ناوی حزبەکانیان لەسەر بەاوکراوەکانیانداناووسن، وەلە لەمیانەی بابەت و هەواڵست و وتارەکانیانداناستییەکان، ناوونتر دەبنەو. یان لەم کاتانەی کە حزبەکانیان بە قەناغێکی سەخت و ناسک و چارەنووسسازدا تێدەپەڕن، ئەم ناکخراوانە، بە سەرمینەو، خەیان لە حزبەکانیان بەخاوەن دەکەن.

یەکەتی نیشتیمانیی کوردستان

لە ناکەوتی ٢٢/٥/١٩٧٥، هەر یەکە لە مام جەلال و د.فوئاد مەعسوم و عەبدولڕەزاق عەزیزو عادل موراد، لەشاری (دیمەشق)دا، کەبوونەتەوەو ناکخراوی(یەکەتیی نیشتیمانیی کوردستان)یان، دامەزراندووە. یەکەمین بەیانی فەرمی ڕاگەیاندنی دامەزراندنیان لە ١/٦/١٩٧٥دا، بەاوکردەتەو. پاش ئەوەی (کەمەڵەی مارکسی-لینینی کوردستان) و (بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان)، پێوەندی بە (یەکەتی) تازە دامەزراو دەکەن، ئەم ناکخراوە دەبێتە

نیمچە بەرێیەک. تا بەستنی یەکەم کۆنگرە لەساڵی١٩٩٢ دا، وەک هەڵکشاوەکی نیمچە بەرێیی بیرۆا جیاواز،خەباتی کردووە. پاش ئەم کۆنگرەیە، بۆتە یەک هەڵکشاوی سیاسی خاوەن یەک بەرنامەو ئایدەلۆژیاو پێڕەوو پڕۆگرام. تا ئێستاکە سێ کۆنگرەی بەستووە. لە هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێدا، هەڵوێستکی کاریگەرو بەرچاوی هەبووە. باوەڕی بە سیستەمی دیموکراتی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی هەیە، لەم پێناوەشدا درێژە بە خەبات دەدات.
لەووی کاری هێژنامەگرییەوە، (ئەلشەرارە)، یەکەم بڵاوکراوەی ئەم هەڵکشاوەیە. ئەرگانی ناوەندی ئەم هەڵکشاوە بووە. یەکەم ژمارەی لە تشرینی دووەمی١٩٧٥ دا، بەزمانی عەرەبی، لە دیمەشق دەرچووە. یەکێتی، تا کۆتایی ساڵی ١٩٩٢،(٤٦) گۆڤار و هێژنامەو بڵاوکراوەی بە زمانەکانی؛ کوردی،عەرەبی،ئینگلیزی،هەڵەبجەندی،ئەڵمانی، دەرکەردووە.دوا بڵاوکراوەی هێژنامەی(ئەلئیتحاد)ە. ئەم بڵاوکراوانە، (٣٠)یان بەزمانی کوردی، (٩) بە عەرەبی، (٤) بە ئینگلیزی، (٢) بە هەڵەبجەندی، (١) بە ئەڵمانی بووینە. یازدە دانیان لەساڵانی١٩٩١ و١٩٩٢ دا،دەرچووینە. ئیزبەندی بڵاوکراوەکانی یەکێتی بە پێی کات، بەم شێوەیەیە؛ (ئەلشەرارە ١٩٧٥، هەڵبەزی نوێ ١٩٧٦،دەنگی یەکێتی١٩٧٦ ، زی سپارک ١٩٧٧، بڵاغی عەسکەری ١٩٧٧،ئاڵای شۆڕش ١٩٧٧، لەتینسەلە ١٩٧٧،کۆمەڵە١٩٧٨ ، ئاپۆین- سوید ١٩٧٨، کۆمەڵە- ئۆروپا ١٩٧٨، هەواڵنامەی کوردستانی عێراق ١٩٧٨، ئاڵا-ئەمریکا١٩٧٩ ، دەر فونکە-ئەڵمانیا ١٩٧٩،هەواڵنامەی کوردستان لە هێژنامەکانی ئۆروپادا- ئۆروپا ١٩٨٠، ئەلخەلیج- کوەت١٩٨٠ ،ئەلخەنادق ١٩٨٠ ، بزووتنەوە ١٩٨٠، دەڤەنک ئوت کوردستان- هەڵەبجەندا١٩٨١، سۆسیالیست ١٩٨١، پێشمەرگە ١٩٨٢، سەوت ئەلئیسبوع١٩٨٢ ، راپەڕین ١٩٨٢،ئەلئیتحاد-سوریا .هەڵەبجەندا١٩٨٢، کەسار١٩٨٣، کوردایەتی ١٩٨٣، سەنگەر١٩٨٣ ، هەڵوێست ١٩٨٣،کیفاح ئەلئەنسار-ئۆروپا ١٩٨٣، دەنگی شۆڕشی عێراق ١٩٨٣، زی تێرخ- ئەمریکا ١٩٨٤، هەڵوێشنبیری ١٩٨٤،بزگاری ١٩٨٥، ئەرکی نوێ- سوید ١٩٨٧،زی کوردستان فۆکوس- بەریتانیا١٩٨٩ ، ئێستێری کوردستان- ئەمریکا١٩٨٩ ، بابەگوگوگ١٩٩١ ،سەرهلدان ١٩٩١، پەیامی نوێ ١٩٩١، بابەگوگوگ کەرکوک ١٩٩١، ئەلئیعتسام١٩٩١ ، کوردستانی نوێ ١٩٩٢، ئەلئیتحاد-دهۆک ١٩٩٢، سیاسەتی دەوڵی ١٩٩٢، پەرلەمان- دهۆک ١٩٩٢،کوردستان تایمز١٩٩٢ ، ئەلئیتحاد- هەولێر ١٩٩٢).

پارتی دیموکراتی کوردستان

پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق، لە هەڵوەتی ١٦/٨/١٩٤٦،لەشاری بەغدا، لە ئەنجامی یەکگرتنی سێ ئاڵاستەی جیاواز(چەند سەرەک

عەشیرەتکی خەباتگێ، کەمەک سیاستەمدارو ڕووناکبیری ناسیۆنالیست، چەند سەرکردەو ڕووناکبیرکی هەگری بیروباوەڕی مارکسی و سۆسیالیستی)، لە کۆنگرێکدا،دامەزراندنی خۆی ڕاگەیاند.خاوەنی شەشی ئەیلول(١٩٦١-١٩٧٥)ێ. یەکەک لە لایەنە کاریگەرەکانی شەشی نوێی گەلەکەمان (١٩٧٦-١٩٩١).تا ئێستاکە سەردە کۆنگرەی بەستووە.
لەووی ڕاگەیاندنەوە، جگە لە ئێستگەکەیان(دەنگی کوردستانی عەراق)، کەمەک گەڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوەی هەمە چەشنی بڵاوکردۆتەوە. یەکەم بڵاوکراوەی (پارتی)، ڕۆژگاری بووە.(ڕۆژگاری)، ئەرگانی ناوەندی پارتی دیموکراتی کورد – پاشان کوردستان-ێ. یەکەم ژمارەی لە ئەیلولی١٩٤٦ دا، دەرچووە. یەکەم بڵاوکراوەی ئەم فەترەزەمەنیەی کە ئەمە باسی لێوە دەکەین(١٩٧٥-١٩٩٣)،(ڕۆژک)ێ. ڕۆژک، بڵاوکراوەیەکی هەواڵی وەرزیی بوو، لقی ئەوروپای پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەڵمانیا بە زمانی عەرەبی،دەریکردووە. ژمارە شەشی دەکەوێتە ئەم فەترەیەی کە ئەمە لێسەری دەدوەین.ژمارە شەش لە شوباتی ١٩٧٦دا، بە چوار لاپەڕە دەرچووە.ئەمە یەکەمین بڵاوکراوەی پارتییە لە شەشی گوڵاندا. دوای ڕۆژک، ڕۆژنامەی (خەبات) دەت. ژمارە (٥٢٦)ی خەبات – کە دەبوو لێسەری بنووسرابایە ژمارە ٥٢٨-، لە ١/٧/١٩٧٦دا،دەرچووە. شایانی گوتنە؛ ژمارە(٥٢٧)، دوا ژمارەی خەبات بووە کە لەدوا ڕۆژکانی شەشی ئەیلول لە١٩٧٥ دا،دەرچووە.
پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەرەتای شەشی نوەوە تا کۆتایی ساڵی ١٩٩٢، (٢٣) بڵاوکراوەی دەرکردووە، کە دەتوانین بەم شێوەیە پۆلینیان بکەین؛ (ڕۆژک- ئەڵمانیا ١٩٧٦، خەبات ١٩٧٦، صدا خەبات- ئەوروپا١٩٧٦ ، پێشمەرگە- بەزمانی ئینگلیزی- ئەوروپا ١٩٧٧،زاگرۆس- ئەمریکا ١٩٧٨، ئەخبار کوردستان ١٩٨٠ – لە دوو چاپی جیاوازی کوردی و عەرەبی-،سەفین١٩٨٠ ، مەتین١٩٨١ ، ولات-ئەوروپا ١٩٨٢، گەڤاری شەهیدانی کوردستان ١٩٨٢، صدا کوردستان -لوبنان ١٩٨٣، دەنگی کوردستان ١٩٨٣، بابە گوگۆ ١٩٨٤، ڕۆژگاری- ئەران ١٩٨٤، ئەزمە ١٩٨٥، کوردستان تودەی- ئەمریکا ١٩٨٧، ئەخبار مەتین ١٩٨٨، ئەلئەنسات- دهۆک ١٩٩١، ئەلئەنسات- ئاکرێ ١٩٩١، سەردان ١٩٩١، دەروازە ١٩٩٢، سپێدە- ئەران ١٩٩٢، مەهاباد-سەلەمانی-؟-). بڵاوکراوەکانی پارتی بە زمانەکانی؛ کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بووینە. لەم (٢٣) دانەیەدا؛ (٨)یان لە دەرەوەی کوردستاندا دەرچووینە. هەروەها (٥) دانەشیان لە ساڵەکانی ١٩٩١ و١٩٩٢ دا،دەرچووینە.

حزبی دیموکراتی کوردستان-ئێران

لە ڕێکەوتی ١٦/٨/١٩٤٥، بە ڕێبەرایەتی پێشەوا (قازی محەمەد)، لە شاری مەهاباد، دامەزراوە. خاوەن دیدگاو ئایدۆلۆژی نەتەوەیی، دیموکراتە.چەندین جار کەرت بوون و لێکترازان، لە نیزکانیدا، ڕووپداوە. یەکەم کاری ڕۆژنامەگەریی ئەم حزبە، ڕۆژنامەی (کوردستان) بووە. کوردستان؛ ئۆرگانی ناوەندی حزبی دیموکراتی کوردستان-ئێرانە. یەکەم ژمارەی لە ١١/١/١٩٤٦، لە شاری مەهاباد، دەرچووە. یەکەم بڕیاوکراوەی ئەم حزبە لەنێوان (١٩٧٥-١٩٩٣)دا، بریتییە لەم (کوردستان)ەی کە لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٧٥،لە بەیروت دەرچووە. کوردستان لە (١٩٧١-١٩٧٥) لە بەغدا دەرچووە. پاش ئەوەی کە ڕێبەرانی ئەم حزبە ئامادە نابن بچنە ژێر باری داخوازییەکانی ڕژێمی بەعس، کوردستان لە بەغدا دادەخرێ و چیتر بڵاو نابێتەوە.کەریم حسامی، لەم بارەیەوە، لە کتێبی؛ (لە بیرەوەرییەکانم ١٩٧٥- ١٩٧٩، بەرگی پێنجەم،ستۆکهۆڵم، ١٩٩١، ل٩)دا، دەنووسێت؛ (ڕۆژی ١٥/١/١٩٧٥، لایەن موخابەراتەوە پێیان ڕاگەیاندین کە نابێ ڕۆژنامەی کوردستان، چاپ و بڵاوبکەنەوە. یان دەبێ دژی مەلا مستەفا بنووسن و بە عەمیلی ئەمریکا ناوی بەرن.ئەمە پاش باس و لێکدانەوە بیارماندا کە ڕۆژنامەکە ڕابگرین).
بەگوێرەی گۆڕانەوەکەی حسامی بێت، پاش ئەوەی لە بەغدا قەدەغە دەکرێت، بڕیار دەدەن لە سوید چاپی بکەن.لەوێش ڕێک ناکەوێت.ئەمجارە بڕیار دەدەن لە ئەڵمانیا چاپی بکەن، لەوێش سەرناگرێت. بۆیە؛ دواجار دێنەوە بۆ بەیروت چاپی دەکەن.ئەو ژمارەیەی کە لە بەیروت دەرچووە، لە مانگی تشرینی یەکەمی١٩٧٥ دا،دەرچووە. حسامی لە لاپەڕە (٦٤)ی هەمان بەرگی بیرەوەرییەکانیدا دەنووسێت؛ (خاوەن چاپخانەکە دەستی سەلاح بەدرەدین بوو،پێیتی فارسی هەبوو،ڕۆژنامەو نووسراوی ڕێکخراوە ئێرانییەکانی چاپ دەکرد.کرێکارەکانی چاپخانە، میسری بوون).
بەداخەوە، کەریمی حسامی ڕوونی ناکاتەوە،ئەم ژمارەیەی کە لە بەیروت چاپ و بڵاوبۆتەوە، زنجیرەی ژمارە چەندی لەسەرە.ئەمە پاش سەیرکردن و گۆڕان بەدوای سەرچاوەگەلێک لەبارەی ئەم ژمارەیەوە،هیچ ئەنجامێکمان دەستگیر نەبوو.ئاڵۆزترین ساغکردنەوە،ساغکردنەوەی ڕۆژنامەی (کوردستان)ە بە هەموو قۆناغەکانییەوە، چونکە لە کات و ساتی جیا جیا،لە شوێنی جۆر بەجۆر،بڵاو بۆتەوە.ڕۆژنامەکە، ڕۆژنامەیەکی کۆچەر بووە هەر چەند ژمارەیەکی لە شوێنێک دەرچووە.ئەوە لە مەسەلەی لێکترازانکانیشی هەر گۆڕ،چونکە هەر لایەنەو بە هەمان ناو، درێژەی بە دەرکردنی کوردستان، داوە. ژمارەی وا هەیە لە بەغدا دەرچووە، هەمان ژمارە لە وڵاتێکی تری وەک فەڕەنسا، یان سوید، دووبارە بڵاوکراوەتەوەو ئەدرەسی ئەم وڵاتانەی

لەسەرەمن، یەک بەیاری خوم، زۆر بەدوای ئەم مەسەلەیەدا گەڕاوم، بەڵام ئەنجامەکی دروست و دڵخۆشکەرم،دەست نەکەوتووە.
حزبی دیموکرات، پاش ئەم ژمارە (کوردستان)ی بەیروت، تا ساڵی (١٩٩٣)،(١٥) بەڵاوکراوەی تریشی دەرکردووە، کە ئەمانەن؛ (دەنگی کورد-تاران ١٩٧٩، دەنگی کوردستان- تاران ١٩٧٩، پێشڕەو-مەهاباد ١٩٧٩،زانیاری پێشمەرگە-سنە ١٩٧٩، شەهید- بانە ١٩٧٩، هەواڵکانی کوردستان- بە زمانی فەرەنسی بووە- فەرەنسا ١٩٨٠،یەکێتی ١٩٨١،کۆمۆنیزم ١٩٨١،نەکەرز ١٩٨١،ئارارات ١٩٨٢،پەنگ ١٩٨٢، ٢٦ی سەرماوەز ١٩٨٤،نووچەنامە- فەرەنسا ١٩٨٤،بازتاب وقائیع کردستان در مطبوعات فارسی زبان- ئەوروپا ١٩٩١،کوردستان د ئێران- بە زمانی فەرەنسی بووە- فەرەنسا ١٩٩١). لەم (١٦) بەڵاوکراوەیە، شەش دانیان لە تاران و پاریسدا، دەرچوونە.زمانی بەڵاوکراوەکان؛ کوردی،فارسی، فەرەنسی، بوونە.زۆرترین ناوونیشان لە ساڵی ١٩٧٩دا،دەرچوونە کە ژمارەیان پێنج دانەیە.لەم ساڵەدا، هاپەیمینی خەڵکی ئێران لە ئارادا بوو،خەڵکی کوردستانیش توانیبوویان خۆیان، خۆیان بەڕێوە ببەن.

پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.کا.کا)

سەرەتای سەرهەڵدانی هێزبازو فکری ئاپۆچێتی لە ساڵی ١٩٧٦وە،دەست پێدەکات...دوو ساڵی سەرەتایی، لەژێر ناوو گرووپ و بازنەی جیا جیادا، خەباتیان کردووە.لەمە بەدواوە،بەیار دەدەن چیتر بە پەرتەوازەیی و گرووپ گرووپ نەمێننەوە.بەیە؛ بە ئامادەبوونی (٢٣)کەس، کە دووانیان کچ بوون، لە هەکەوتی ٢٧/١١/١٩٧٨، لە گوندی (فیس)ی سەر بە قەزای (لیجە)ی شاری ئامەد(دیاربەکر)، یەکەم کۆنگرە (دامەزراندن) دەبەستن و هەر لەوێش دامەزراندنی (پارتی کرێکارانی کوردستان)، هادەگەینن.لە ١٥/٨/١٩٨٤شەدا،خەباتی چەکداری دەست پێدەکەن.ئەم پارتە؛ بە بەدەست هێنانی مافە زەوتکراوەکانی نەتەوەکەمان لە باکوری کوردستاندا، باوەڕیان بە فکرو ئایدەلۆژیای (مارکسی- لینینی) هەیە. خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی، بە یەکەوە گرێدەدەن. لەووی خەباتی هاگەیاندنەوە، کەمەک گەڤارو هێژنامەیان دەرکردووە.یەکەم پارتی کوردینە کە بوونەتە خاوەنی کەناڵی ئاسمانی. بە دەست نیشانکردنی یەکەم بەڵاوکراوەیان(گەڤار،هێژنامە)، یەکەک لە ئەندام و دامەزرێنەرێ دیارەکانیان (جەمیل بایک) دەکەت؛ (خەباتی هێژنامەوانیی ئەمە بە یەکەمین کۆنفرانس لە ساڵی١٥/٧/١٩٨١ کە لە لوبنان بوو،دەست پێدەکات.لە کۆنفرانسی یەکەمدا ئەو بەیارەمان وەرگرت کە ئەمە هێژنامەی سەرخوبوون لە ئەوروپا دەربخەین.لە ئاکامی ئەو

بەیارەدا، هەڤاڵان کاریان کرد سەرخۆبوون لە ئەوروپا دەرچوو. یەکەمین ڕۆژنامەی ئەم تەڤگەرە سەرخۆبوونە.(بڕوانە؛ حەسەن جوودی، مڕۆوێک لە ئاگر، نهەنی و خەباگری بزووتنەوەی ئاپۆچی، دیمانەیەک لەگەڵ جەمیل بایکدا، چاپی سێیەم، سلێمانی، ٢٠١٤، ل٤٢٩). ئەو (سەرخۆبوون)ی جەمیل بایک باسی لێوە دەکات، سەرەتا لە فەرمی ڕۆژنامەدا بووە، دواتر بەتەگەر. ئەرگانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کرێکارانی کوردستان بوو. یەکەم ژمارەی بە (٢٠) لاپەڕە، لە کانوونی دووەمی ١٩٨٢، لەشاری (کۆلن)ی ئەڵمانیا، بەزمانی کوردی(کرمانجی ژوورو-ڕۆژهەڵاتی) و لاتینی) و تورکی، دەرچووە. نرخەکەی یەک مارک و نیو بووە. ژمارە (٢)ی بە (٢٠) لاپەڕە لە شوباتی ساڵی ١٩٨٢دا، دەرچووە. ژمارە (١٢٠)ی بە (٢٤) لاپەڕە لە مانگی دەسەمبەری ١٩٩١دا، دەرچووە. پاش ئەوەی کە بە شێوەی ڕەسمی لەلایەن حکوومەتی ئەڵمانیاوە لە ٢٦/١١/١٩٩٣دا، چالاکییەکانی ئەم پارتە قەدەغە دەکرێت، بنکەو بارەگای ئەم ئەرگانەش (سەرخۆبوون)، بە هەڕەندا دەگوازرێتەوە.

بەڵام ئەمە، ئەو(سەرخۆبوون)ی جەمیل بایک باسی لێوە دەکات، یەکەم کاری ڕۆژنامەگەریی ئەم پارتە نییە. یەکەم کاری ڕۆژنامەگەریی پارتی ناوهاتی، ئەو (سەرخۆبوون)ەیە کە زیندانیانی (پ.کا.کا) لە زیندانی شاری (غازی عەنتاب)، لە مایسی (١٩٧٩)دا، دەریانکردووە. کاتێک کە ئەم بڕیارەیە دەرچووە، شەش مانگ بەسەر دامەزراندن و ڕاگەیاندنی (پ.کا.کا)دا تێپەڕیوە. ئەو (سەرخۆبوون)ەی کە لە زیندانەدا ئامادەکراوە، بە دەستی نووسراوەتەوە، لە دەرەوەی زیندان کۆپی کراوەو دابەشکراوە. یەکەم ژمارەی بەزمانی تورکی، لە مایسی ١٩٧٩دا، دەرچووە. ژمارە (٤)ی دوا ژمارە بووەو لە ئەیلولی ١٩٧٩دا، دەرچووە. پاشان هەر چوار ژمارەکە، لە بەرگێکدا، لە ئەڵمانیادا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە. دووەم بڵاوکراوەی ئەم پارتە؛ (هەوار) بووە. هەواریش پێش ئەم بڕوارەیە کە جەمیل بایک دەست نیشانی کردووە. هەوار؛ ڕۆژنامەیەک بوو، بەزمانی کوردی (کرمانجی ژوورو-ڕۆژهەڵاتی لاتینی)و تورکی، لە زیندانەکانی شاری دیاربەکر، دەردەچوو.(مەزڵوم دۆغان و فەرهاد کونتای و حەیدەر دورموش)، سەرپەرشتییان دەکرد. یەکەم ژمارەی بە هەشت لاپەڕە لە ١٩/٨/١٩٨٠دا، دەرچووە.ژمارە (٣)، دوا ژمارە بووەو لە ٢/٩/١٩٨٠دا، دەرچووە.جارێکی تر ، لە ئەڵمانیا بەم شێوەیە چاپ کراونەتەوە؛ ژمارە (١)،لە ٥/٤/١٩٨١دا، دەرچووە.ژمارە (٢)، لە ٢٤/٤/١٩٨١دا، دەرچووە.

کۆواتە (سەرخۆبوون)ەکەی زیندانی غازی عەنتاب، یەکەمین کاری ڕۆژنامەگەریی ئەم پارتە بووە. دووەم کاریشیان، (هەوار)ەکەی

زیندانی دیاربەکر، بووە. ئەم (سەرخۆبوون)ەی جەمیل بایک، دەبێتە سیمبولی ئەو سەردەمە. پاش ئەم سێ بەیانییە، ئەم گۆڤارو ڕۆژنامانەشیان بەیاو کردەوە؛ (بەرخودان- ئۆرگانی ڕێکخراوی ئەنفالکراوانی کوردستان- زیندانی ١٩٨٣، پێشمەرگە- باکوری کوردستان ١٩٨٣، دەنگی کوردستان- زیندانی ئیستانبول ١٩٨٩، شۆڤکا بەرخودان- زیندانەکانی تورکیا ١٩٨٩، کورد ئا- ئۆرگانی ڕێکخراوی ئەنفالکراوانی کوردستان- زیندانەکانی تورکیا-ساڵی ١٩٩٢، سەرهەڵدانا کوردستان- زیندانەکانی تورکیا-ساڵی ١٩٩٣، چاپکردنی نەزانراوە). لەم نێو ناوونیشانەی باسمان کردن، پێنج دانیشیان لە زیندانەکانی ئەنقەرە بڵاوکراوەتەوە. سێ دانیشیان لە ئۆرگانی ئەنفالکراوانی ئەنفالکراوانەوە بڵاوکراوەتەوە.

ئەنجام

لەم بەسەرکردنەوەو دەورکردنەوەیەدا، دەگەینە ئەم ئەنجامانە؛

(١)- هەر چوار پارتە سەرەکییەکەی سەر پارچەی کوردستان، (٩٤) ناوونیشانیان دەرکردووە، کە دەکاتە لە سەدا دوازدەو نیوی سەرجەم ئەم ناوونیشانانەی کە لەنێوان (ئازاری ١٩٧٥-١٩٩٣)دا، دەرچوونە. لەم (٩٤)دانەیە، (٤٦)یان، (یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان)، دەریکردووە. کە دەکاتە نزیکەی نیوەی بڵاوکراوەکان. بە هەرسێ حزبەکەی تر ئینجا هەندەی (یەکێتی)، بووینە. ئەم ڕێکخراوە، لە ڕووی کاری ڕۆژنامەگەریدا، پشتنگی بە یەکبڕە. دوای (یەکێتی)، ئەمانی تر، بەم شێوەیە ڕیزبەند دەکرێن؛ پارتی دیموکراتی کوردستان (٢٣) دانە، حزبی دیموکراتی کوردستان-ئێران، (١٦)دانە، پارتی کرێکارانی کوردستان(پ.کا.کا)، (٩)دانە.

(٢)- یەکەم کاری ڕۆژنامەگەریی پارتی کرێکارانی کوردستان، ئەم (سەرخۆبوون)ەیە کە لە زیندانی غازی ئەنتابدا لە مایسی ١٩٧٩دا، دەرچووە، نەک ئەم (سەرخۆبوون-١٩٨٢)ەی کە لە ئۆرگانیادا دەرچووە.

(٣)- زۆربەی هەرە زۆری- لە نیوەی زێتر-ی بڵاوکراوەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، لە زیندانداندا دەرچوونە.

(٤)- یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان، سەرەتای بەکارهێنانی زمانی کوردی و عەرەبی لە کاری ڕۆژنامەگەریدا، پشتنگە لە زمانێ زیندووە جیهانییەکانی وەک؛ (ئینگلیزی، هەندی، ئۆرگانی).

(٥)- لە کەی (٢٣) ناوونیشانی ڕۆژنامەگەریی پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراقدا، (٨) دانەیان لە دەرەوەی کوردستاندا، دەرچوونە.

(٦)- سەردەمی زێرینی ڕۆژنامەگەریی حزبی دیموکراتی کوردستان-ئێران، لە پاش ڕوخانی شا لەساڵی (١٩٧٩)ەوە، دەست پێدەکات.

ئیسماعیل تەنیا-هانەڤەر